

چڕوپڕی یەك هەفتەیی بۆ بەرەنگاربونەوەی

ە هاوکارییەکی دارایی زۆر هەیە"

# لیژنەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە نەکردنی کچان راگەیەندرا

**پ.هاوڵاتی**

ڕێکخراوی وادی ئەڵمانیو رۆژنامەی هاوڵاتیو بەشی راگەیاندنی کۆمپانیای وشەو گۆڤاری لڤینو گۆڤاری ئاوێنەکان ورادیۆی دەنگی نوێ، چەندکەسێکی سەربەخۆ، رۆژی ٨و٩ مارس گەیشتننە ئەو ئەنجامەی کە لیژنەیەك بۆ کەمپینێك لەدژی خەتەنەکردنی کچان پێکبهێنن.

پاش چەند کۆبونەوەیەك لە نوسینەگەی هاوڵاتی بەئامادەبوونی نوێنەرایەتی ئەو لایەنانە لیژنەیەکیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان راگەیاند.

فەلاح مورادخان کەوەك وتەبێژی لیژنەکە دەست نیشانکراوە، لە لێدوانێکی تایبەتدا ئەوەی بۆ هاوڵاتی رونکردەوە "زۆریو بلاوی ئەو دیاردە دزێوە پێویستی بەکاری زۆرو بەشداری هەموو لایەك هەیە، هەر بۆیە پاش چەند کۆبونەوەیەك کەلە نوسینگەی رۆژنامەی هاوڵاتی بەرێوەچوونو گەیشتینە ئەو بروایەی کە کەمپینێك لەدژی ئەو دیاردەیە بەرێبخەین".

سەبارەت بەو بریارە گرنگانە فەلاح موراد خانْ بۆ هاوڵاتی روونکردەوە "بوونی ئەو دیاردە دزێوە کە پێشتر لەرێگای ئاینو لەروانگەی تەندروستییەوە شەرعییەتی پێدراوە، واتە فەرمانێکی ئاینییەو لەرووی تەندروستیشەوە قازانجی هەیە، کەئەمەش لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی خوو نەریتە کۆنەکانو باش تێنەگەیشتن لەئاینو نەبوونی رۆشنبیری تەندروستییەوە سەرچاوەدەگرێت، بۆیە بریارماندا بۆ کەمکردنەوەو بنەبرکردنی ئەو دیاردەیە سوود و دەرونناسو کۆمەلناسەکان وەربگرین"

لەوەلامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە ئایا مامۆستایانی ئاینی تا چەندێك پشگیری ئەم کەمپینەی ئەوان دەکەن. وتەبێژی لیژنەی کەمپینی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان وتی" لەراستیدا مامۆستای ئاینی زۆر هەیە لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە نییە، ئەوەندەی کە نەریتێکی دواکەوتوی کۆمەلایەتییەو ئێستا رادیۆی (دەنگی نوێ) سەرقالی کلیپکردنی دەنگی چەند مامۆستایەکی ئاینییە کەدژی دیاردەی خەتەنکردنی کچان قسەدەکەنو پاشان ئەو کلیپانە کە دەنگی پزیشكو توێژەری کۆمەلایەتیو دەروناناسانیشی تێدایە کلیپ دەکرێنو بەسەر هەموو رادیۆکانی کوردستاندا دابەشدەکرێن بەئامانجی هۆشیارکردنەوەی خەلك".

سەبارەت بەو میکانیزمانەی کە لەپێناو کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیەدا دەیگرنەبەر فەلاح موراد خان وتی "لە کۆبونەوەکاندا بریاری ئەوەماندا کە لۆگۆیەکی تایبەت بە لیژنەکەمان دروستبکەینو لە شێوەی ملوانەکەو مەدالیای بەریەخەو چەند فۆرمێکی دیکەدا دروستبکەینو دابەشی بکەین بەسەر هاوڵاتیانداو هاوکات پۆستەرو زانیاری تایبەت بەو مەسەلەیە لە قوتابخانەو نەخۆشخانەو شوێنە گشتییەکاندا هەلدەواسین، ئەمە جگە لەوەی کە هەولدەدەین کۆنسێرتی تایبەت بەو مەسەلەیە رێکبخەین لە لایەك بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ کەمپینەکە و لەلایەکی دیش بۆ هۆشیارکردنەوەی ئامادەبووان، ئەمە جگە لەوەی هەولدەدەین سوود لە کۆنسێرتی هونەرمەندانی دی وەربگرین بۆ هەمان مەبەست".

مورادخان لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتیشی "هەولدەدەین هەلمەتێکی راگەیاندنی چروپری یەك هەفتەیی بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو دیاردە نامرۆییە رێکبخەین، بەلام بێگومان کەمپینێکی لەم جۆرە پێویستی بە هاوکارییەکی دارایی زۆر هەیە".

ئایا کێ و چ لایەنێك هاوکاریان دەکات، فەلاح موراد خان وتی "لایەنو ئەندامانی لیژنەکە هەریەکەیان لە کەنالی تایبەتی خۆیانەوە هەولی پەیداکردنی کۆمەکی دارایی دەدەن".

وەك ئاگادارین پێشتر وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوێنەری چەند وەزارەتێك لیژنەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی خەتەنەکردنی کچان پێکهێناوە، ئایا ئەم لیژنەیەی ئێوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەل ئەو لیژنەیەدا هەیە؟ بۆ وەلامی ئەو پرسیارە وتەبێژەکەی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی خەتەنکردنی کچان وتەبێژی لیژنەکە وتی "بەلێ یەکێك لە بریارەکانی لیژنەکە بریتی بوو لە دروستکردنی پەیوەندییەکی توندوتۆل لەگەل ئەو لیژنەیەی تۆ ئاماژەت پێکرد دروستبکەین، هەولدەدەین نوێنەرمان لەو لیژنەیی وەزارەتی تەندروستیدا هەبێت".

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا فەلاح موراد خان ئەوەی بۆ هاوڵاتی روونکردەوە کە لیژنەکە تۆماس ڤۆندەر ئۆستن رێکخەری گشتی رێکخراوی وادی ئەڵمانی وەك رێکخەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی ولاتو کەمال رەئوف سەرنوسەری هاوڵاتی وەك رێکخەری پەیوەندییەکانی لیژنەکە لەگەل سەرمایەدارەکانی ناوخۆو ئەحمەد میرە سەرنوسەری گۆڤاری لڤین وەك رێکخەری پەیوەندییەکان لەگەل مامۆستایانی زانکۆو موحسین ئەدیب وەك رێکخەری پەیوەندییەکان لەگەل مامۆستایانی ئاینیو قەیسەر رەحمان بەرێوەبەری رادیۆی دەنگی نوێ وەك رێکخەری پەیوەندییەکان لەگەل رادیۆکانو ئەلوەن رەئوف وەك رێکخەری پەیوەندییەکان لەگەل رێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان دەستنیشانکرد.

دیاردەی خەتەنەکردنی کچان دیاردەیەکی کۆنەو لە زۆرێك لە ولاتانی ئیسلامیدا هەیەو بەگوێرەی ئامارێکیش کە رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە چەند ناوچەیەکی کوردستان ئەنجانیداوە دەرکەوتووە کە لە ٦٠٪ی مێینەکانی سلێمانیو لە٧٠٪ی مێینەکانی هەولێرو لە٦٠ ٪ی مێینەکانی کەرکوكو لە١٠٪ی مێینەکانی دهۆكو لە ٩٥٪ی مێینەکانی رانیەو لە ٨٥٪ی مێینەکانی رانیەو لە٦٠٪ی کفری خەتەنەکراون.



هەوڵەکان بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردن بەردەوامە